# زيندو كردنەوەى ناسيۆناليزمى نەتەوەى و ئايينى و مەزهەبى لە بەرژەوەندى كێدايە..؟!!

باكۆ گۆيژە

لە گەڵ ئەوەى كێشەكان سەرچاوەيەكى قوڵى هەيە چارەسەريەكان هەردەم لە بەرامبەر بە كێشەكان كورتيان هێناوە و هەنگاوەكانى بێئەنجام بوون, فاكتەرى چارەسەرى بۆتە خەونێكى خەياڵى بۆ كۆمەڵگاى ڕۆژهەڵاتى ناوەڕاست, ئەوەش بۆتە هۆكارێك كە بێباوەڕى لە بەرامبەر چارەسەريەكان بكەوێتە ناو دۆزو لێگەڕينێكى پڕ قوڵ كە بە بێبير كردنەوە تەدبير گرتن  بە شێوەيەكى كوێرانە و سەرتاسەرى لەگەڵ كێشەكان هەڵسوكەوت بكرێت و بێئەوەى ئەنجامەكەى بزانێت, كێشەكانى زياتر بەرفراوان كردووە, هەمان كاتيش گرێكان چوونەتەوە بە ناو يەكتريدا, گرێكوێرەوييەكى بە ناو ناخى كۆمەڵگا كوربۆتەوە دۆزينەوەشى بۆتا كارێكى پڕ دژاوار و مانەوەشەى ڕێگە لە بێچارەسەرى ژيانى ئەمرۆ كردۆتەوە  بێمانا بوونى ژيانى لەگەڵ خۆى هێناوە, هەمان كاتيش هێزى چارەسەرى بە شێوەيەكى كاتى سەرچاوەى گرتووە و هەر لەم ڕوانگەيەوە بۆتە هۆى لەبار چونى خەون و هيواكان و بە بێئەوەى بير لە داهاتوو بكاتەوە مليى ڕێگەى گرتۆتە ئەمەش لە شكست و بێچارەى زياتر هيچ ئەنجامێكى لە گەڵ خۆى ناهێنێت....

كاتێك بەراورد بكەين لە گەڵ ئەو گۆڕانكاريانەى كە لە سەدەى ڕابوردوو لە جيهان ڕووىدا كاريگەريەكى بەرچاوى گێڕا لە بەرەو پێشەوە چوون لە هەموو بوارەكان, بە تايبەت لە دارشتنەوەى ياسا مرۆيەكان, لە بوارى مافەكانى مرۆڤ پێشكەوتنى ياساو ڕێساكان بۆ شێوەيەكى مۆدێرن و زانستى لە بوارى كۆمەڵايەتى و كلتورى و سياسى و ئۆكۆنۆمى و ئاسان كردنى پێداويستيەكانى مرۆڤ لە ڕێگاى تەكنەلۆژياوە, هەموو كەسێك كەم تازۆر لەم گۆڕانكاريەكان بێئاگا نەبووە, ئەوەى لە دەرەوەى ئەم پێشكەوتنانە مايەوە جيهانى سێهەمين بوو.! كە نەيتوانى بە پێى پێوويست گۆڕانكارى لە خۆيدا بكات لە سەر ئاستى كلتورى كۆمەڵايەتى سياسى و ئابوورى ئايدۆلۆژى و ئۆكۆنۆمى, ئەمەش بووە هۆى دوور كەوتنەوە لە ڕاستينەى دنيايى ئەمرۆ, هەرچەند لە ژێر ناوى گۆڕانكارى هزرو فكرو ئايدۆلۆژى و سياسى هەندێك و جووڵە كەوتۆتە ناو كۆمەڵگايى ڕۆژهەڵاتى ناوەڕاست, بەڵام ئەمە لە شێوەيەكى تەقليدى دەرباز بە فاكتەرى چارەسەرى نەبوو لە هەمان كاتيش ڕێگەى لە بەردەم بە هێزبوونى دەسەڵاتو ئەقڵيەتى دۆگماو ستاتۆپارێزەكان كردەوە و ناسنامەى كەسايەتى ئازاديش بە شێوەيەكى پڕترسناك تێكشكێنرا, نموونەى زەقيش ئەوەيە ئەمرۆيە و باش هەستى پێدەكەين كە هيچ كەس باوەڕى بە ژيان نەماوە نەوەك گۆڕانكارى, چونكە بە سەدان جار مێژوو لە ژێرناوى گۆڕانكاريەكان بە ئاوەيەكى چەواشە مۆركى خۆى لە مێژووى ئەم ناوچەيەدا, هەمان كاتيش هێزى خوڵقاندن لەم ناوچەيە ڕووى لە بنبەست بوونو نەزۆكى كرد...... كاريگەرى خراپى لە بوارى پسكۆلۆژيى كۆمەڵگا كردوخۆبچوك بوونەوەيەكى ڕۆحى بۆ كەسايەتى ئەم ناوچەيە خوڵقاند, لە ڕووى كۆمەڵايەتى و كلتورى و سياسى و ئابوورى تەكنەلۆژياشەوە بە شێوەيەكى زۆر لە دنياى ئەمرۆ دابڕا,  سەرچاوەى نەخولڨاندن  قەدەرى ڕۆحى و ئاينى و

ئایدۆلۆژیا دۆگمەکان بوو کە لە ژێر بانگەشەی زانستی هیواکانی خنکاند.! سەرچاوەی بێباوەڕی دروست کرد, هەمان کاتیش سەرچاوە ئایدۆلۆژیە ئاسمانیەکانیشی خستە ناو تەنگاشەیەکی مەزن, کە خۆیان کۆبکەنەوەو هێزی خۆیان لە ناوکۆمەڵگا بخەن گەڕو بەهێزی بکەن, پەرە بە هێرشەکانی خۆیان بدەن بۆ دەرەوە بە شێوەیەکی توندو تیژ بۆ خۆپاراستن لە بەرامبەر بە گۆڕانکاری پێشکەوتنە نوێیەکان بۆئەوەی ڕێگربن لە بەردەم گواستنەوەی بۆ ناوچەکە کە تا ئێستامانەوەی خۆیانیان تیادا پاراستووە, کاتێك گۆڕانکاریەکان هەموو جیهانی گرتەوە, بەڵام ئەوەی لە دەرەوەی گۆڕانکاریەکان بوو دنیایی سێهەمین بوو ئەمەش جیهانی ئیسلامیە.!

لە سەرەتایی گۆڕانکاریەکانی سەدەیی هەژدەهەمەوە ئەم ناوچەیە کەوتە بنکاریگەری سیاسەتەکانی دەرەوە و دەرکەوتە پێش و سیستەمی سەرمایەداری هەنگاوی بەرەو ئەم ناوچەیە هەویشت بە دۆزینەوەی کانزاکانی ژێر زەوی بە تایبەت دۆزینەوەی نەوت ڕێگەی لەبەردەم زۆر بیری سیاسی کردەوە کە بتوانێت لەم ناوچەیە بەرژەوەندیەکانی خۆیان بپارێزن.؟ کاتێك بنگەیی سیاسەتی دەرەوە بە شێوەیەکی نێگەتیف هەڵوسوکەوتی لە گەڵ ستۆکلتوری ئەم ناوچەیە کرد و لە گەڵ تایبەت مەندیەکانی ئەم ناوچەیە یەکانگیر نەبوو, ڕێگەی لە بەردەم کێشمەکێشم و دوگماو ستاتۆپارێزییەکی کوێرانە کردوە, هەمان کات هەموو شتێکی بە پێی ترازۆکانی خۆی پێوانە دەکرد, بێئەوەی گۆی بداتە داخوازی پێوانەکانی ئەم ناوچەیە لێرەوە توندبوونەوەی ئەقڵیەتی ناسیۆنالستی نەتەوەیی و مەزهەبی و ئایینی کاریگەری‌یەکی زۆری کردە سەر جووڵانەوە سیاسیەکان. جیاوازی ئایین و مەزهەبیان لە ڕێگەی سیاسەتەوە ڕۆحێکی ترسناکیان کرد بە بەریا کە بۆ سەرەتای دەرکەوتنی گەڕایەوە کە هیچ پێوانەو یاساو ڕێسایەك ناناسێت, تەنها خۆی نەبێت ئەمەش سەرچاوەی بیرۆکە سیاسیەکانی ئەوروپا یەکێتی سۆڤیەت و ئەمەریکا بوو.! کە هەریەکان بە پێی بەرژەوەندیەکانی خۆیان هەریکاری ئەم بزوتنەوە ئاینی و مەزهەبی ناسیۆنالیزمە خێڵەکی عەشیرە نەتەوەیەکاندا... لە کاتێك کە ئەم ئایدۆلۆژی مەزهەب و نەتەوەپەرستی لە ناو کۆمەڵگا شێوەیەکی ڕۆتینی و عادەتی لە خۆی گرتبوو کە تەنها ببووە شتێکی ڕۆژانە هەرچەند چوارچێوەی دەوڵەت بە شێوەیەکی شکلی شوێنی دەگرت بەڵام لە ناوەڕکی خۆیدا گرانی لە دەست دابوو ئەمە لە هەموو وولاتانی ناوچەکە, چوارچێوەی سیاسی لە ناوهێزی ئیسلامی مەزهەبی نەتەوەیی بەرەو کۆتای هەنگاو هەڵدەهێنا...؟

لە کۆتایی سەدەیی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم تا ڕۆژگاری ئەمرۆ یاساو ڕێساکانی دەوڵەت گرانی خۆیان لە دەست داوە لە ناو کۆمەڵگاو هەمان کاتیش کۆمەڵگا کەم تا زۆر لە ژێرکاریگەری گۆڕانکاریەکان پێووستی بە ڕیفۆرم و نۆژەن بوون هەیە, وولاتانی ئیسلامی ترسێکی گەورەیان لێنیشت تاوەکو خۆیان لەوکێشەیە ڕزگاربکەن هەستان بە بەرهەڵستکاریەکی گەورە بەرامبەر بە سیاسەتەکانی دەرەوە و لە هەمان کاتیش کۆمەڵێکیان بە شێوەیەکی سیاسی خۆیان لە گۆڕەپان هێشتەوە بەڵام ئەمەش لە ناوەڕۆکی خۆیدا تووشی دارمان و گەندەڵی هاتبوون, چیتر نەیدەتوانی بۆ چارەسەری کێشەو ناکۆکیەکان ببنە فاکتەرێکی عاکتیف خۆیان لە ژێر باری کێشەکان ڕزگار بکەن,دوا بە دوای ئەمە دەسەڵات گۆڕا بۆ چەند بنەماڵەیەك یان عەشیرەتێك بەڵام هیچ جیاوازیەك لە یاساو ڕێساکانی ئەم دەسەڵات بۆ دەسەڵاتێکی ترنەبووە.....

ئاڕاستەیەکی تر کە کاریگەری لە سەر دنیایی سێهەم کردبوو پێشکەوتنی ئایدۆلۆژیایی پرۆلیتاریا بوو، کە لە بواری هزری فەلسەفی ئایدۆلۆژی و سیاسی کۆمەڵایەتیەوە خۆی دەخزاندە ناو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بەرامبەر بە کۆنەپەرستی زەنگی سووری لێدابوو، خاوەن کاریگەریەکی بەهێزبوو لە سەردەمی ئەو کاتەو کاریگەریەکی گەورەشی کردبووە سەر ئەورووپاش ئەمەش زەنگێکی خەتەر بوو هەم بۆ ئەورووپاو هەم بۆ دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لێرەشەوە بەرژەوەندیە سیاسی و ئابووریەکانی ئەورووپاو دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕۆژ بە ڕۆژ لە یەکتر نزیك دەبوونەوە خۆیان لە سەنگەری دژە کۆمۆنیست یەك دەگرتەوە، ئایدۆلۆژیای مەرکس لینین کاریگەریەکی ڕۆحی و هزری و مەعنەوی دەکردە سەر کۆمەڵگای ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لێرەشەوە کۆمەڵگای ناوچەکە لە بەرامبەر بە ئایینە ئاسمانیەکان و سیستەمی فیوداڵیزمی تێکۆشانی دەکر و دەیوویست بە پێی سەردەم خۆی ڕێك بخاتەوە یاساو ڕێساکانی کە بوونەتە کۆسپ و تەگەرە لە بەردەم پێشکەوتنە نوێکان لە بەریەك هەڵبوەشێنن جا بە ڕێگەی ڕیفۆرم بێت لە ناو ئایین مەزهەبەکان یان بە تاواوی کۆتایی بە دەسەڵاتی کۆنەپەرستی بهێنێت لە ناو کۆمەڵگا.......

ئەودەم سیاسەتەکانی ئەورووپاش بۆ بەربەست و کۆسپ گرتن لە فکری مارکس لینین پێوویست بوو دەوڵەتانی ناوچەکە بە ئاگا بهێننەوە لە مەڕ گەشەکردنی سۆسیالیزم کە پەلی خۆی هاویشت بوو بۆ ناوچەکە، بە پێی بەرژەوەندیەکانی خۆیان ڕێکیان بخەن و هەڵیان بسووڕێنن بۆ ئەمەش زیندوکردنەوەی ئاستی ناسیۆنالستی نەتەوەپەرستی ئایینی و مەزهەبی زیندوکردەوە، ئەمەش تەنها دەیتوانی ببێتە کۆسپ و تەگەرە لە بەردەم گەشەکردنی فکری سۆسیالزم، چونکە ئەم ناوچەیە تا ئەو کات فەلسەفەو ئایدۆلۆژیە زانستیەکان شوێنی خۆیان تیانەگرت بوو، ئایدۆلۆژیە ئایین و ناسیۆنالیزمی نەتەوەپەرستی ئەقڵیەتی خێڵەکی و عەشیری لێرەوە سەرچاوەی خۆی گرتووە ڕەگێکی بەهێزی لە ناو کۆمەڵگا داکووتاوە، بۆیە هەرکاتێکیش چەند لاواز بووبێت بەڵام هەمان کاتیش بۆ زیندوکردنەوەی بنگەیەکی ئامادەکراوی هەبووە تا بتوانێت ڕێگرو کۆسپ بێت لە بەردەم گۆڕانکاریەکان، چ لە بواری کۆمەڵایەتی سیاسی ئایدۆلۆژی و ئابووریش بووبێت. زیندوکردنەوەی ڕۆحی ناسیۆنالیستی ئایینیو مەزهەبی و نەتەوەی لە چوارچێوەی بنەماڵەی و عەشیرە و خێڵ زیندو کرایەوە لە لایەن هێزە دەرەکیەکان.! چونکە ئەگەر زیندوو کردنەوەی ناسیۆنالستی نەتەوەی یان ئایینی لە سەر بناغەیەکی گشتی کۆمەڵگاو زانستی بوایە ئەوە سیاسەتەکانی ئەورپاش خەتەری گەورەی بەخۆیەوە دەبینی و نەیدەتوانی کاریگەری و دەسەڵاتی خۆی بە سەر ئەم ناوچەیە بکردایە.....هێزەکانی دەرەوە ئەودەمیش پێوویستیان بینی لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی خۆیان هێزێکی بەرهەڵسکار بهێڵنەوە کە هەر کاتێك ئەم دەسەڵاتە کەوتە ململانێ لە گەڵ بەرژەوەندی سیاسی ئابووریەکانیان هێزی بەرهەڵسکار بەکاربهێنن وەك کارتێکی سیاسی ترسناك کە لە بەرامبەر بە دەسەڵاتی دەوڵەت بە کاری بهێنن.....لە هەمان کاتیش ئەودەم ناکۆکیەکی گەورە لە بواری ئایدۆلۆژیش لە ناو چینی گەنج سەری هەڵدابوو کە کاریگەری ئایدۆلۆژی مارکس لینینی کارتێکەر بوو، ئەمە چ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چ لە ئەورووپا، هەمان کاتیش ئەمە لە بەرژەوەندی ئەورووپا بوو.؟ ئەورووپا ئەو مل ملانێیەی خستەدەرەوەی خۆی گرێدراوی کێشەی ئابووری و سیاس کرد و

شەڕەکەی گواستەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوین ئەمەش بە هاریکاری دەوڵەت و دەسەڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست, لێرەوە گواستنەوەی سۆسیالزم بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە شێوەیەکی تەقلیدی بنگەیی خۆی لە ناوچەکە داکوتاو, نەیتوانی نوێنەرایەتی سۆسیالزمی ڕاستەقینە بکاو لە هەمان کاتیش بە شێوەیەکی باش ئەنالیزەی بکات, ئەمەش بووە هۆی زیاتر گرژبوونەوەی کێشە ڕۆحی و کۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆژی و سیاسی و ئابووریەکان و بە هێزکردنی ئەقڵیەتی کۆنەپەرستی و مەزهەبی و ئایینیەکان هەتا ڕۆژی ئەمرۆ پەرەی کێشا, کاتێك سۆسیالزم خۆی لە مل ملانێیەکی ئایدۆلۆژی تەقلیدی کێشمەکێشمی کرد, هەم خۆی لە دۆگماتیزی بنبەست بوو دەرباز نەبوو هەم نەشیتوانی ببێتە فاکتەرێکی ئەرێنی بۆ چارەسەری نوێژەن کردنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.....

لە کۆتای چارەکە سەدەی ئاخردا گەشتە لووتکە, دوای گرتنە دەستی حوکمڕانی مەزهەبی شیعەگەرێتی لە ئێران کە سیاسەتی ئەوروپا ئەو کات لە دژی شای ئێران نەخشەی بۆ کێشرابوو بە ئەنجام گەیشت, چونکە سیاسەتەکانی شای ئێران لە بەرژەوەندی سیاسەتەکانی ئەوکاتەی ئەمەریکا دەگونجا بۆ ئەمەش ئەوروپا بۆ ئەوەی گرانی خۆی لە سەر ئێران بکات و لە هەمان کاتیش بکەوێتە خزمەتی سیاسەتەکانی خۆی ئێرانیان بە شۆڕشێکی مەزهەبی شیعەگەرایی گێرایەوە بۆ سەرەتای سەدەکانی ئیسلامی, ئەمەش زیاتر بووە پەنایەك بۆ زیندوو کردنەوەی کۆنەپەرستی بووە هێزیکی مەعنەوی و مادی و سیاسی بۆ هێزە ئیسلامیە سیاسیەکان لە هەموو جیهان, هەرچەند شەڕێکی دژوار لە بەینی مەزهەبی شیعەو سوننە بۆ دوایی مردنی حەزرەتی عەلی دەگەڕێتەوە, بەڵام هەڵقولاوی هەمان ئەقڵیەت و ئایدۆلۆژیان هەردووکیان بۆ یەك سەرچاوەو ئامانج کاردەکەن ئەویش هێنانەوەی حوکمڕانی شەریعەتی ئیسلامی کۆنەپەرستە, لێرەشەوە سەرچاوی مەزهەبی سوننە بە شێوەیەکی سیاسی ڕادیکاڵ کەوتە مل ملانێ هەم لە گەڵ مەزهەبی شیعەو هەم هێزەکانی دەرەوەو کۆمەڵگای خۆشیان کە بێچاوپۆشی کردن لە ڕەشی و سپی کەوتنە هێرش کردن. بە پێچەوانەوە مەزهەبی شیعە لە پێناو بەهێزکردنی خۆی کەوتە هەمان ڕێگەوە بەڵام بە شیوەیەکی سیاسی و لیبراڵ کە زیاتر ترسی لە سەر سیاسەتی جیهان هەیەو هەم خاوەن بیرکردنەوەیەکی سیاسیانەیە هەتا ڕۆژگاری ئەمرۆ, ئەمەش بنگەی خۆی لە ئێرانەوە سەرچاوە دەگرێت بەڵام بۆ پاراستنی خۆی دەیان ڕێکخراوی سیاسی شیعە مەزهەب و سوننە مەزهەبی پێکەوە ناوە کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ناڕاستەوخۆ هاریکاریان دەکات لە پێناو مانەوەی خۆی. هۆی بەهێز بوونی ڕۆحی و مەعنەوی ئایدۆلۆژیای ئیسلام بەشێکی زۆری بۆ هەڵە سیاسیەکانی هێزە دەرەکیەکان دەگەڕێتەوە, زیندوو بوونەوەی ئیسلامی سیاسی و ڕادیکاڵ لە گۆڕەپانەکە هەوڵی پێکەوە نانەوەی ئیمپراتۆریەتێکی ئیسلامی بوو لە ناوچەکە, دوای بە شێوەیەکی تەجریدی پەلهاویشتن بۆ دەرەوە و فەتح کردنی هەموو جیهان بوو...؟

لێرەش ئەوە دەڵێم ئەمڕۆش زیندوکردنەوەی ئەقڵیەتی ناسیۆنالیزمی نەتەوەی لە پێناو کێیە خزمەت بە بەرژەوەندی کێدەکات و کێش دەبێتە قوربانی ئەم ئەقڵیەتە نووقسانە سیاسیە کە ئەمرۆ بەرەو قوڵبوونەوەیەکی ترسناك دەچێت وە تا چ ڕادەیەك دەبێتە فاکتەربۆ چارەسەریەکان, چەند دەتوانێت لە

پرۆستێستی دیموكراتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شوێنی خۆی بگرێت و بتوانێت بە پێی سەردەم هەنگاو بهاوێژێت چیتردەتوانێت ڕێگربێت لە دووبارە بوونەوەی مێژوو كە بە سەدان ساڵە لەم ناوچەیە لە ناو بازنەیەكی ئاگراوی خوول دەخوات بێئەوەی بتوانێت خۆی لێڕزگار بكات, سەرچاوەی كێشەكانی ئەمڕۆ لە ناوچەكە و بە تایبەت شیمانەی بەهێزبوونی ئەقڵیەتی ناسیۆنالزمی نەتەوەیی شۆڤێنیە هەم لە ناو هێزە موخالیفەكان و هەم هێزە بە ناو دیموكراتی خوازەكان كە خۆیان گرێدەدەن بە گۆڕانكاریەكان و خۆیان وا دەنووێنن كە نۆێنەرایەتی سیستەمی دیموكراتی و سیستەمی نوێی جیهانی دەكەن خۆیان وەك پردێكی بەینی ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵات دەبینن بەڵام تا دواڕادە دژبە ڕاستینە دیموكراتی و گۆڕانكاریەكان بە شێوەیەكی تەقلیدی دەیانەوێت دیموكراتیەت بچەسپێنن, بەڵام تا دواڕادە ناوەخنی ئاوان گرێدراوی ئەقڵیەتی عەشیری و خێڵەكی و ناسیۆنالیستیە, هێزە دەرەكیەكانیش هەمان سیاسەتی كۆن پەیڕەو دەكەن بۆیە لە بەردەم گۆڕانكاریەكان بێچارەماون, ئەوەی ئەمجارەش دەبێتە قوربانی گەلی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ خۆیەتی, لێرە مەبەستم ئەوەیە كە هێزەدەرەكیەكان كاریگەریەكی گەورەیان هەبوو لە سەر زیندوو كردنەوەی ئیسلامیەت, ئەمڕۆش دەیانەوێت ڕۆحی نەتەوەپەرستی بەشێوەیەكی سیاسی و ترسناك كە هیچ پێوانەیەك نەناسێت زیندوو بكەنەوە ئەمەش دووبارە بوونەوەی مێژووە نەوەك گۆڕانكاری و نۆژەن بوونەوە..........؟؟!!